


# مزاش

نوسینی: نەوزاد کەلهوڕ

# ئەگەر ئەمجارە بێمەوە

عەبدوڵلا پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی توانیویەتی بەردەوامی لە شیعر بۆخۆی مسۆگەر بکات .

گەلێك لە رەخنە گران و لێکۆڵەرەوانی شیعری لەو باوەڕەدان ، گەر بێتوو عەبدوڵلا پەشێو وەك لێمان دوورکەوتەوە و نیشتمانی بەجێهێشت ، ئاواش بێ دەنگ بوایە ، ئەوا شیعری کوردی تووشی مەلەل دەبوو ، بەڵام سەرەرای دووری لە وڵات پەشێو جار جار بە هۆنراوەیەك نیشتمانی بەسەردەکردەوە ، خوێنەرو ئاشقانی شیعری کوردی ، وا هەستیان دەکرد شاعیر بە جەستەش لە ناوماندایە هەروەکو بەگیان لەگەڵمان دەژی .

خاسیەت و تایبەتمەندی شاعیر لەوەدایە کە لەگەڵ شاعیرانی دیکەی جیادەکاتەوە ، پەشێو بەردەوام دەگەڕێت بەدوای وشەی سووك و ئاسان و بەمانای فراوان ، ئەوە لەلایەك لە لایەکی دیکەوە شاعیر هەردەم لەبەرەی گەلدایە و هەمیشە ئێش و ئازاری میللەتەکەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکات ، ئەوەش وای کردووە ، شاعیر بنکەیەکی جەماوەری فراوانی هەبێت .

عەبدوڵلا پەشێو هێندە زۆر نیە وڵاتی بەجێهێشتووە ، بەڵام تاسەی دووری وڵات گڕی لە گیانی بەرداوە ، و خۆزگە دەخوازێت ، ئەگەر جارێکی دیکە بگەرێتەوە وڵات ، ئەو کاتە زێدی باب و باپیرانی لێ قەدەغە کرابوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نائومێد نیە ، تروسکایی ئومێد و هیوای بە گەرانەوە هەیە بۆ نیشتمان ، بەڵام لێرەدا پرسیارێك

سەر هەڵدەدات ، ئایا شاعیر هیوایەکی زۆری بە منداڵانی نیشتمانەکەی خۆی هەیە ؟ ئەو کاتە پەشێو لەو هۆنراوەیەدا روو لە منداڵان دەکات ، و هەر ئەو منداڵانە بوون ، بوونە لاوی بەهاری ساڵی ١٩٩١ راپەرینیان هەڵگیرساند و داگیرکەریان لە نیشتمان وەدەرنا .

بەیانیەکی بەهارە دنیا سەرتاپا سەوزە ، مەڕو ماڵاتیش زانیەو هەر یەکەیان بەرخۆڵەیەکی بەدواوەیە ، ئەو بەرخانە بەڕەڵای ناو قەرسیل کراون ، و بە ئارەزووی خۆیان کەوتوونەتە گیاخواردن ، کورد دەڵێت : ( گیا بە دەمی مەڕێ خۆشە ) تاکو کفت دەبن ، پەشێو هەتا سەر ئێسقان کوردەو تێکەڵ بە کونجی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری بووە ، زۆر بە وردی سەرنجی بەیانیەکی بەهاری داوە ، کە شەونم لەسەر گژوگیای بەهار دەکەوێت و ئەو بەرخە ساوایانە تیادا دەلەوەڕێن ، ئەویش دەڵێت : منیش وەکو ئەو بەرخە ساوایانە ئەگەر هاتمەوە ، دەچمە ناو قەرسیل و تل دەخۆم و تێیدا تێر تێر گیای تفت دەخۆم ، بەڵام ئەو گیایە تفتە وەکو شەکر وایە ، چونکە لە خاکی نیشتمان ڕوواوە ، و پێ و بەڵەکیشم لەو شەونمە ساردە هەڵدەسووم :

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە
بەیانیان
وەك بەرخۆڵەیەکی ساوا
لەناو قەرسیلی پاراوا
تل دەخۆم و
گیایەکی تفت تێر تێر دەجوم
تا کفت دەبم
پێ و بەڵەکم لە شەونمی سارد هەڵدەسووم

سمۆره عەشقی دار گوێزه ، دار گوێزیش له کوردستاندا زۆره ، ئەو سمۆرەیه بەسەر دار گوێزا هەڵدەگەرێ و کونی دەکات بۆ ئەوەی بیکاته هێلانەی خۆی ، یاخود بڵێین نیشتمانی خۆی ، شاعیریش سمۆره ئاسا بەسەر ئەو دار گوێزانه هەڵدەگەرێ ، پاشان دەبێته پەڵەهەورێ ، باران بەسەر کێڵگەکان دەبارێنێ و پاراویان دەکا ، ئەوەش دەبێته مایەیەی سەوزبوونی کێڵگەکان ، دوایی دەبێته دار شەنگەبی و له کەناری چەما دەڕوێن ، ئەویش بەسەر چەم و رووبارەکانا دەچەمێته و بەس ئەگەر بێتوو ئەمجاره بگەرێتەوه :

ئەگەر ئەمجاره بێمەوه
وەك سمۆره
بەدار گوێزه بەرزەکانا هەڵدەگەرێم
وەك پەڵەیەك هەوری نەوی
بەسەر کێڵگه سەوزەکانا دەخولێمەوه
وەك شەنگەبی
بەسەر چەما بەسەر گشت زنارەکانی
کەنارا دەچەمێمەوه
ئاخ بەس ئەمجاره بێمەوه

ئەگەر ئەوجاره شاعیر بگەرێتەوه ، دەچێته پێدەشتەکان ، ئەو دەشتانەی گەنمی لێدەچێنرێت . زۆر بە وردبینیەوه ، سەرنج دەدات که گوڵەگەنم چۆن زەرد دەبێت ؟ تاکو وەرزی درونه بێت ، و درونه بکرێت ، هەروەها تەماشا دەکاتلەناو رەزو باخەکانا

هەنارو سێو چۆن پێ دەگەن ؟ قەتێیەکان لە وەرزی دروێنەی گەنم و جۆدا چۆن هێلانەی خۆیان بەجێ دەهێڵن ؟ چۆن ڕەو دەکەن بۆ شوێنێکی دیکە ؟

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**
**سەرنج دەدەم**
**گوڵەگەنم چۆن زەرد دەبێ**
**هەنارو سێو چۆن پێدەگەن**
**قەتێیەکان چۆن جێ دەکەن**

زەرنەقووتە ئەو باڵندەی کە تازە سەری لە هێلکە چوقاوە ، تەنانەت پەڕو باڵیشی لێ نەهاتووە ، سەرنجی لێ دەدات چۆن ئەو زەرنەقوتانە باڵ دەگرن ، پەرەسێلکە کۆچەرەکانیش لە وەرزی گەرمادا دێنە لامان و لەسەر تێلی کارەبادا چۆن هەڵدەنیشن و ریزدەگرن ؟

چۆگەلەکانیش لە کێوە هەڵدەقوڵێن و دەرژێنە کێوە ، دیارە ئەوانە هەموو لە هزرو بیری شاعیردا هەبووینە ، و ئەو کاتەی شاعیر لە وڵات بووە هێندەی لا مەبەست نەبووە ، بەڵام ئەو کاتەی وڵاتی بەجێهێشتووە هەمووی وەکو شریتێکی سینەمایی هاتۆتە وە بەرچاوی و هەمووی لەلا شیرین بووە ، بۆیە ئەگەر ئەمجارە بێتەوە بە هەندیان وەردەگرێ و زۆر چاک سەرنجیان دەداتێ :

**سەرنج دەدەم**
**زەرنەقوتە چۆن باڵ دەگرێ**
**پەرەسێلکە کۆچەرەکان**
**لەسەر تێلی کارەبای رێ**

## چۆن زیز دەبن
## جۆگەلەکان لە کێوە دێن
## بۆ کوێ دەچن

ئەگەر ئەمجارە بێتەوە سەربەسەر کانیەکانی وڵاتدا دەکەم ، لەهەر کانیەك قومێك ئاو دەخۆمەوە ، کانی دایکە ، ئاویش شیری دایکە ، منداڵ فرچکی پێوە دەگرێ بۆ حەسانەوەش لادەدەمە ئەشکەوتەکان ، گەر بۆ شەوێکیش بێت گاشەبەردەکان دەکەم بەسەرین و ، ئەشکەوتەکانیش دەکەمە لانك و تێیدا دەخەوم :

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە
لە گوی مەمکی هەر کانیەك
قومە ئاوێك دەخۆمەوە
گشتیان دەکەم بە دایکی خۆم
لەهەر ئەشکەوتێکدا ، شەوێك
سەر بەگاشە بەردێك دەکەم
گشتیان دەکەم بە لانکی خۆم